# تیمبلیتی پرسیارەکانی ڕستەسازی پراکتیکی

پ١/ لاڕستەیەك تەمومژی واتایی دروست بكات. ( ڕستە بۆ ئەمە بهێنەوە )

پ٢/ ئێوارە تەلەفونم بۆ هەموو بەشداربووانی كورەك تلیكۆم كرد.( كاردەربكەو جۆرەكەشی دیاربكە )

پ٣/كەس لەدوای كەس نەمردووە.( بەركار دەربكە )

پ٤/ شەوباش .( ڕۆنان و ستراكچەری ئەم پێكهاتەیە چییە؟ ڕۆنانی ژێرەوەشی بۆ دەربكە )

پ٢/ ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا دڵ حیرەت ما لە حیرەت مەه ئافتابی هێنا (ڕۆنانی ژێرەوەی دەربكە )

پ٥/لاڕستەی دیارخەری چەند ئەرك لەخۆ دەگرێت ؟ بەوردی دەربارەی ئەمە بدوێ ؟

پ٦ /تەمومژی ڕێزمانی كە بەهۆی ڕێزبوونی كەرەستەكانەوە دروست بووبێ ( نموونەی بۆ بهێنەوە ).

پ٧/ دیارە، كە نازانیت.( ئەركی لاڕستە دیارخەریەكەدیاربكە ).

پ٨/ دیسان شین و گریانە ( بكەر دەربكە )

پ٩/ تامەزرۆی سازانین، چونكە سازا نمان نەبینیوە ( جۆری لاڕستەكە دیاربكە و ڕۆنانی ژێرەوەشی، بۆ دەربكە )

پ١٠/ وتی قەت وا مەیە من واوە هەر دێم

نەهات ئەو وا قەت و من واوە هەر چووم (ئەم پێكهاتەیە لەچەند ڕستە پێكهاتووە، ڕۆنانی ژێرەوەی دەربكە )

پ١١/ ئەو بنەما سینتاكسیانەچین، كە پەیوەندی ئاویتەبوون دروست دەكەن لەڕستەی ئالۆز ؟ بەكورتی و بە نموونە بیخەرە ڕوو؟

پ١٢/ بە تواناى هەڵبژاردنی كەرەستەی لۆجیكی و فەرهەنگی گونجاو بۆ ڕستە دەڵێن ............................. .

پ١٣/ ڕاد فۆرد پێی وابوو، كە توانست بریتیە لە.............................................................................. .

پ١٤/ .................. پێك دێت لە پێكهێنانی فرەیز و یاسای فەرهەنگی وشە .

پ١٥/ كاتێ بەركار ئەركی بكەری پێ دەسپێردرێ ، ئەوا دیاردەیەكی سینتاكسی پیادە دەكات، كە ئەمیش ............ .

پ١٦/ مۆدەلی توانست لەلای چۆمسكی بریتیە لە ................................................................... .

پ١٧/ لە كاری ڕابوردوی بەردەوامی نەرێ دا، ج.لكاوی بكەری دەگوازرێتەوە، بۆ ........................ وە كو ............ .

پ١٨ / چ كارەساتێكە، لەسەر وەستانی دڵم وەستابێ .( ڕۆنانی ژێرەوەی دەربكە )

پ١٩/ چاوەكانت ڕەشن.( بكەر دەربكە )

پ٢٠/ منێك كە بایەخ بەخویندن نەدەم چۆن دەردەچم.( ئەركی هێل بەژێرداهاتوەكە چیە؟ لەڕووی سینتاكسەوە لێكدانەوەی بۆ بكە؟ )

پ٢١/ لە قسەكانیدا درۆی بۆ كچەكە دەكرد. ( كاردەربكە لەگەڵ دیاریكردنی جۆرەكەی )

پ٢٢/ چیتە! لەسەرچی كەوتووی بەقینە.( لێكدانەوە بۆ هیل بەژێرداهاتووەكان بكە؟ چ جیاوازییەك لەنێوانیان بەدی دەكەیت )

پ٢٣/ خۆم بەخۆمم كرد بەردبارانم كەن .( بە هێلكارییەوە گوێزانەوەی ج.لكاوی بكەری بۆ بكە ).

پ٢٤/ بۆچی ڕۆنانی سەرەوە وەكو ڕۆنانی ژێرەوە نییە؟ بەكورتی وبە نمونە وەلامەكەت بخەرە ڕوو؟

پ٢٥/ تیورەكانی چۆمسكی بەر ڕەخنە كەوتوون، بەكورتی و بە پوختی ئەم ڕەخنانە بخەرە ڕوو؟

پ٢٦/ تەمومژی داڕشتن چۆن لەتەمومژی ڕۆنانی جیادەكەیتەوە؟ بە نمونە وەلامەكەت بخەڕوو؟

پ٢٧/ هەموو شتێك جوانە لەتۆ وردە نیگا چاو و برۆ ( شیكردنەوەی سینتاكسی بۆ بكە )

پ٢٨/ نووستنی هەتاو لەناو سیبەر حەزی زیندووبوونەوەیە.( كاری ڕستەكە دەربكە )

پ٢٩/ جاران چەندت خوش دەویستم منیش ئیستا هەرئەوەندە.( جۆری لاڕستەكە دیاربكە )

پ٣٠/ هەر خۆم زانیم كە درۆدەكات.( لاڕستەكە دەربكە و ئەركەكەشی دیاربكە )

پ٣١/ ئێرە شاری نامۆكانە.( بكەر دەربكە )

پ٣٢/ وتی قەت وا مەیە من واوە هەردیم نەهات ئەو وا قەت و من واوە هەر چووم (ئەم پیكهاتەیە لەچەند ڕستە پیكهاتووە؟ )

پ٣٣ /لاڕستەی دیارخەری چەند ئەرك لەخۆ دەگرێت ؟ بەوردی دەربارەی ئەمە بدوێ ؟

پ٣٤/ ئەو بنەما سینتاكسیانەچین كە پەیوەندی ئاویتەبوون دروست دەكەن لەرستەی ئالۆز ؟ بەكورتی وبە نموونە بیخەرە ڕوو؟

پ٣٥/ ڕستەیەکی تەمومژبهێنەوە کە بەهۆی ریزبوونی کەرەستەکانەوە دروست بووبێت؟

پ٣٦/ کچەکە فیکەی بۆ لیدەدام ( کار دەربکە و جۆرەکەشی دەستنیشان بکە )

پ٣٧/ شەو دەبێ بادەی لەدەستی ساقییەك وەرگرتبێ بەو سبەینەیە لە مەشریق دێتەدەر مەستانە رۆژ. ( بکەر دەربکە )

پ٣٨/ سەرم لەکاری خوا دەرناچێ. ( کەرەسە سەرەکییەکانی رستە دەربکە )

پ٣٩/ حەزدەکەم لە رۆژێکی نیساندا پێم بڵێ خۆشم دەوێی.( لارستەکە دەربکە و ئەرکەکەشی دیاربکە )

پ٤٠/ تەنها هەر لەوە نەگەیشتم.( رۆنانی ژێرەوەی دیاربکە )

پ٤١/ لەناخەوە بۆت گریاوم .( کارەکە دەربکە لەگەڵ دیاریکردنی جۆرەکەی )

پ٤٢/ شوکر وشیارە مەحوی.( شیکردنەوەی سینتاکسی بۆ بکە )

پ٤٣/ شیرین دەدوێت.( رۆنانی ژێرەوەی دەربکە )

پ٤٤/ هیچ نابیستم .( هێ بەژێرداهاتووەکە چیە؟ ئەرکی چیە؟ )

پ٤٥/ لاڕستەیەك بهینەوە کە تەمومژی واتای دروست بکات ؟

پ٤٦/ ئەوکچەم لە باوکی خۆشتر دەوێت .( رۆنانی ژێرەوەی دیاربکە )

پ٤٧/ بکەر+ بەرکار( ج.کەسی دووەمی کۆ)+نیشانەی بکەر+ کار ( نموونە بۆ ئەم رۆنانە بهێنەوە )

پ٤٨/ بەکورتی جیاوازی نێوان "ڕیزبوونی ئازاد و ڕیزبوونی چەسپاو" و پەیوەندی "سینتاگماتیك و پرادیگماتیك" بکە؟

پ٤٩/ ئایا مۆرفیمی "مردن" دەتوانێ هەر پینج فرەیزە فەرهەنگیەکە دروست بکات؟ چۆن؟وەلآمەکەت بە نمونە بخەرە ڕوو؟

پ٥٠/ ئەو کچەبوو کەوای نەخشاند ( رۆنانی ژێرەوەی دەربکە )

پ٥١/ خراپت کرد کە هەواڵت پێ نەدام .( کارەکە دەربکە و جۆرەکەشی دیاربکە )

پ٥٢/ دیارە کە نازانیت.( ئەرکی لارستە دیارخەریەکەدیاربکە )

پ٥٣/ هەستم بەوەکرد کە کچەکە خەریکی نازکردنە . ( کارەکە دەربکە و جۆرەکەشی دیاربکە )

پ٥٤/ هەر لەنیوە شەودا هەستم بەو دەنگەدەنگەکرد، کە لەکۆڵانی ئەو دیو دەهات. ( فرەیز ەکان دەربکە و جۆرەکەشی بنوسە )

پ٥٥/ شوکر لەفکرم ناچی ئەگەرچی لەفکرت چووم.( بکەر دەربکە )

پ٥٦ /راد فۆرد چەند توانست بۆ زمان دیار دەکات؟ بیان ژمێرە و بەکورتی و بە نموونە بیا نخە ڕوو؟

پ٥٧/ چ جیاوازییەك لەنێوان هەرسێ تیورەکەی چومسکی بەدی دەکەیت ؟ بەوردی لایەنەکانی بخەرە ڕوو بە نمونە و بەهیلکارییەوە؟

پ٥٨/ئەو بەمن دەلیت منیش بەتۆ ( گ.ج.لکاوی بەرکاری بەهیلکارییەوە )

پ٥٩/ وا بارانە ( بکەر دەربکە )

پ٦٠/ بەئازارەوە بۆت دەسوتێم ( بیکە بەمۆرفۆسینتاکس بۆ کاتی ڕابوردوو و ڕانەبوردو )

پ٦١/ کەس لەدوای کەس نەمردووە.( بەرکار دەربکە )

پ٦٢/ لەناخەوە هەژاندمی ( گ.ج.لکاوی بکەری بکە بەهیلکارییەوە )

پ٦٣/ ئەو وایکرد خۆم بریاری خۆم نەدەم ( ئەرکی هیل بەژێرداهاتووەکان چیە )

پ٦٤/ ئەگەر نەمدیبای ڕاست و دروستی بابەتەکەم بۆ دەرنەدەکەوت . ( چەند کردەی گویزانەوەی تیابەدی دەکەیت دیاری بکە؟ بەهیلکارییەوە؟ )

پ٦٥/ دلم دەرهات و تو دەرنەهاتی نەهاتی هەر نەهاتی هەرنەهاتی ( شیکردنەوەی سینتاکسی بۆبکە )

پ٦٦/ چ جیاوازییەك لەنیوان " تەمومژی ڕۆنانی و دارشتن" لەگەڵ "تەمومژی گویزانەوە و ڕستەی کورتکراو" بەدی دەکەیت بەکورتی بیخە ڕوو؟

پ٦٧/ ئایا دیاردەی کۆزەتیڤ چۆن دەناسیتەوە لەناو زمانی کوردیدا بەکورتی دەربارەی ئەمە بدوێ؟

پ٦٨/ بەمەرگی کەس دونیا راناوەستێ.( بکەر دەربکە )

پ٦٩/ گشت پێشمەرگەین.( لەم نمونەیە پێویستیەسەرەکییەکانی رستە دیاربکە )

پ٧٠/ دایکەکە منداڵەکانی خۆی ئامۆژگاری دەکرد.( بەرێگەی کەوانەناونراوەکان ئەم رستەیە بنوێنە )

پ٧١/ ئەوان چراکانیان هەڵدەگیرساند .( گ.ج.لکاوی بەرکاری بەهیلکاری درەختی بنوێنە )

پ٧٢/ لەکاری رابردووی بەردەوام ج.لکاوی بکەری دەگوازرێتەوە بۆ کۆتای کارەکە؟ ئەم دروستە یان نا؟ بۆچی؟ وەلامەکەت بە نموونەوهیلکاری درەختی بنوینە؟

پ٧٣/ گوێزانەوەی بە ئارەزوو چییە؟ دابەشی سەر چەند جۆر دەکرێ بیان ژمێرە و بۆ هەریەکێکیان نمونەیەك بهێنەوە؟

پ٧٤/ کۆزەتیف چی یە ؟ ئایادەکرێ هەموو رستەیەك لەزمانی کوردی رۆڵی کۆزەتیف وەربگرێ؟ چۆن ؟ نمونە بۆ وەلامەکەت بهێنەوە

پ٧٥/ پێم ناکرێ وەك ئەو دوو ڕووانە بژیم، کە ئازاری خەڵکی دەدەن. ( دیارخەری هێڵ بەژێرداهاتووەکە دیاربکە؟

پ٧٦/ منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم. ( رۆنانی ژێرەوەی دەربکە )

پ٧٧/ کە دەگەم بە لیسا A,B,C,D یم لەبیردەچێ .( بەرکار دەربکە )

پ٧٨/ من پرچی ئەو کچە رەشماڵی کویستان و گەرمیا نمە.( بکەر دیاربکە )

پ٧٩/دوێنێ سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە نوینەری ریکخراوی مافی مرۆڤی نیو دەولەتی کرد .( کارەکە دەربکە و جۆرەکەی دەستنیشان بکە )

پ٨٠/ بەهاران هەموو رۆژێ شایی و رابواردن بوو .( بکەر دەربکە

پ٨١/ئەوان لە ژوورەوە پیاوەکەیان بەندکرد.( گویزانەوەی ج.لکاوی بەرکاری بە هیلکارییەوە

پ٨٢/ ئەمرۆلەیانەی کۆلێژ م.ئازاد چاوی بەقوتابییە یەکەمەکان کەوت.( کارەکە دەربکە و جۆرەکەی دەستنیشان بکە )

پ٨٣/ ئەو پێکهاتانە چی بوون کەچۆمسکی لەتیوری ( ب.گ ) وەکو بنەمایەکی ڕێزمانی خستیە بەر چاو؟ بە نمونە وەلامەکەت ڕونبکەوە؟

پ٨٤/چۆن دەزانی هەموو قسە پێکەرێکی ڕەسەنی زمان خاوەنی توانستە؟ ئەم توانستە دەکرێ بە چەند جۆرەوە؟ بنمونە وەلامەکەت ڕونبکەرەوە؟

پ٨٥/ سوێند دەخوات و سێو دەخوات ؟ ئایا دەتوانین بیا نخەینە ژێر یەك پێکهاتەی سینتاکسی ؟ ئەگەرنا ئەو پێکهاتانەی لەخۆیان دەگرێ چین؟ چۆن بەراوردیان دەکەیت؟ نموونە بۆ وەلامەکەت بهێنەوە؟

پ٨٦/ نەك هەر سلاوی نەکرد بەلکو سەیریشی نەکردین .( چەند کردەی گوێزانەوە بەدی دەکەیت بەهیلکاری درەختی بیخەڕوو )

پ٨٧/ نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب .( کاری ئەم رستەیە دەربکە )

پ٨٨/ SVC و SCV .( نموونە بۆ ئەم قالبانە بهێنەوە )

پ٨٩/ کورە لە پرخۆی کرد بەژووردا و پەلاماری پیاوەی دا و خستیە دەرەوە. ( کەرەستە سەربارەکان دەربکە )

پ٩٠ / هەردوو چەمکی (x) و (bar) . (ئاماژەن بۆ چی ؟ ئەمە بە نموونە روونبکەوە )

پ٩١/ لەدرزی تەنهاییەوە بە ئێوارەیەکی خامۆشم دەوت. ( بکەر و بەرکار دەربکە )

پ٩٢/ دەتان نێرم ، راتان ناگرم ( لەرووی مۆرفۆلۆجییەوە شیبکەوە )

پ٩٣ / بەدەست ئەم وەزعە هیلاك بووم.( ئەم فرەیزە بە پێی تیوری X-bar بنوێنە )

پ٩٤/ ئەو یاسایانەی کە بنەما ڕێزمانییەکانی تیوری بەرهەمهێنانی چۆمسکی دەگرنە ئەستۆ چین؟باسیان بکە؟

پ٩٥ راد فۆرد چەند توانست بۆ زمان دیار دەکات؟ کام توانست بەگرینگ دادەنێیت بۆ پەسندبوونی رستە؟بۆچی؟ ئەمە بە نموونە بخەرە ڕوو؟

پ٩٦/ منداڵێکی جوان / بە پەلە راوەستا / توندترین سزا/ بەلێشاو لەدەرەوە ( ئەم فرەیزانە بە پێی تیوری X-bar بنوێنە )

پ٩٧/ منێك کە بێ تاوانم .( لەڕوی سینتاکسەوە "منێك"لێکبدەرەوە )

پ٩٨/ تەنیا گوڵێك بوو هیوا و مەبەستم بەلام بەبێ هۆ دەرچوو لە دەستم. ( بکەر و کەرەستە سەربارەکان دەربکە )

پ٩٩ / جوانێك دەبینم .( ڕۆنانی ژێرەوەی دەربکە )

پ١٠٠/ SOCV وSOVC . ( چ جیاوازییەك لەنیوان ئەم دوو قالبە بەدی دەکەیت ؟ئایا قالبی بنجین یان نا؟نموونەیان بۆ بینەوە )

**مامۆستای بابەت/ بیان ملا حمدامین**